ڕێگای ئەدەب وهونەر

چوار شەممە ٢٥ / ٨ / ٢٠١٠
ژمارە( ٤١ ) گەلاوێژی ٢٧١٠





## لەیەکەم ڕۆژی جەژن (یەك لایەنە)ی ماردین پەخشدەکرێ

گۆرانیبێژی دەنگخۆش (ماردین کانەبی) دوای ئەوەی گۆرانیەکی نوێ تۆمارو کلیپ دەکات بەناوی (یەك لایەنە) و تێکستی ئەو گۆرانییە خۆی نووسیویەتی ئاوازەکەی گۆرانیبێژ (زانا جەبەلی) داپناوە کەگۆرانییەکەی بەشێوەی سینگل بەرهەم هێناوە کاری کلیپی بەئەنجام گەیاند کەکاری میوزیکژەن (شیاو کەمال)ە وە ئامادەکراوە هونەرمەند (بژار دیلان یش کاری ماسترینگی بۆ ئەنجام داوە ستۆدیۆکانی (میلۆدیو کەنارە)یش کاری دەنگیان بۆ جێبەجێکردووە (سیپان عادل) کاری کلیپی بۆ ئەم گۆرانییە کردووە شایانی باسە (ماردین) وتی لەیەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا لەتیڤیەکاندا پەخشدەکرێ.

# ئەو فەیلەسوفەفەی کە بەچاوی عەقل لەمێژووی ڕوانی

## دەروازەیەکی فەرەنسی نوێ بۆ فەلسەفەی هیگڵ کە دونیا و خەڵکی بەخۆیەوەسەرقاڵ کرد

نویسنی/ هاشم سالّح
- وەرگێرانی/ شوان جەلال

ئەو فەیلەسوفە بلیمەتە توانی سیستەمێکی فەلسەفی کامڵ بونیاد بنێت، هیگڵ خوێندنەوە بۆ ئایین، ئەخلاق و سیاسەت، دەوڵەت و کۆمەڵگا ..هتد کرد. شتێکی بەجێنەهێلاّ قسەی خۆی لەبارەوە نەکردبێت، دیدی خۆی لەبارەی هەموو کایەو بوارەکان خستەروو. ڕەنگە دوایین فەیلەسوفی شمولی بێت.

ئەو ئەرستۆی سەردەمی هاوچەخە، ئەرستۆ یەکەمین بیرمەند بوو وتوێژی لەسەر فیزیکا و میتافیزیکا کرد، هەروەها لەبارەی لۆژیك و ڕەوانبێژی و شیعر و سیاسەت و ئەخلاق و ئایین، هێگڵیش هەمان کاری لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە پەیڕەو کرد. هەر لەبەرئەوەشە هەندێك بە پێشەنگی فەلسەفەی ئایدلیزمی ئەڵمانی دادەنێن، ئەو فەلسەفەیە کەفەلسفەی کانت و فیختە و شیلینگیش بوو.

نوسەری ئەم کتێبە ((هگڵ و فەلسەفەی مێژوو)) دەڵێت: گومانی تێدا نیە هیگڵ کاریگەری کانتی لەسەر بووە، چونکە کانت مامۆستا بووە بۆ تێکرای ڕووناکبیرەکانی ئەو کاتی ئەڵمانیا، بەلاّم ئەو هەوڵیداوە مامۆستاکەی تێپەڕێنێت. لە کۆمەڵێك شتدا تێیپەڕاندووە. ئەمەش مەزنی هیگڵە. چونکە دەگمەنە دوو فەیلەسوفی گەورە لەیەك سەردەمدا دەربکەون. هیگڵ لەسەردەمەکەی کانتدا ژیاوە سەرەڕای ئەوەی بەساڵانێکی زۆر لە کانت بچوکتر بووە.

لەبارەی ئەو ڕووداوانەی کە کاریگەریان کردۆتە سەر هیگڵ لە مێژوودا، بەپلەی یەکەم شۆڕشی فەرەنسی بووە، ئەو شۆڕشە لەکاتێکدا ڕوویداوە تەمەنی نۆزدە ساڵ بووە، بەدوای شۆڕشی فەرنسیدا کارئەکتەری ناپلیۆن پۆناپرت کاریگەر بووە پێی، کە ناپلیۆن ئەڵمانیای داگیرکردووە، یەکەمین جاریش لەسەر ئەسپێك بینیویەتی، لای هیگڵ ڕوحی مێژوو لە کارئەکتەری ناپلیۆن بەرجەستە بووە، پاشان شۆڕشی پیشەسازی ئینگلتەرا کارگەری کردۆتە سەر، ئەوشۆڕەی کە سیمای هەموو دونیای گۆڕی.

نوسەر لەسەر ژیانی هیگڵ دەڵێت: لە ٢٧ی ئۆگەستۆس (ئاب)ی ساڵی ١٧٧٠ لە خێزانێکی وردە بورژوا لەدایك بووە، باوکی فەرمانبەری دەوڵەت بووە، دوای ئەوەی خوێندنی دواناوەندی لە شاری شتوتگارت، کە زێدی بووە تەواو دەکات، دەچێتە کۆلێژی لاهۆتی بەناوبانگ لە شاری تۆبنگین. لەوێ مێژووی خوێندووە، هەروەها فیقهی زمانی ئەڵمانی و ماتیتیك، لەگەڵ هاوڕێکەی هۆڵدرین، کە دواتر دەبێتە شاعیرێکی گەورە. هاوڕێتیەکی بەتین و پڕ لە خۆشەویستی لە نێویاندا دروست دەبێت. هەر لەوێ و لەسەر ڕۆشنایی شۆڕشی فەرەنسی کتێبەکانی جان جاك ڕۆسۆ و کانت دەخوێنێتەوە. پاشان هاوڕێیەتی لەگەڵ گەنجێکی تردا دەبەستێت، ئەویش شیلینگ، کە ئەویش دەبێتە فەیلەسوفێکی گەورە. ڕکابەرایەتیەکی گەورە لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بەچەشنێك ململانێی و ناحالیبون لە نێوانیاندا ڕوویداوە. لەساڵی ١٧٩٠ بڕوانامە لەفەلسەفە بەدەست دەهێنێت. دواتر سەفەر دەکات بۆ سویسرا و لەوێ دەبێتە بەخێوکەری مندالّ لای یەکێك لە خێزانە دەوڵەمەندەکان. تاوەکو ساڵی ١٧٩٦ لەوێ دەمێنێتەوە.

لەساڵی ١٧٩٥ یەکەمین کتێب دەنوسێ لە ژێر ناونیشانی (ژیانی یەسوع). ئینجا لە شاری فرانکفۆرت لە نێوان ساڵانی (١٧٩٧ - ١٨٠٠) بەشێوەی مێتۆدی ڕێکخراو خوێندنەوە بۆ دانراوەکانی کانت و فیختە دەکات.

دانەری ئەم کتێبە دەڵێت: لەساڵی ١٨٠١ دەچێت بۆ شاری (ینا) کە زانکۆیەکی گرنگی لێدەبێت، دوای چوونی بۆ شیلینگ جێگای فیختە دەگرێتەوە وەك لە مامۆستای زانکۆ. لەوێ بەشێوەیەکی بەرفراوان تێکەڵ بە نوسین و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ فەلسفیەکان دەبێت. دواتر دەبێتە مامۆستای یاریدەر لە هەمان زانکۆ، بەلاّم موچەیەکی زۆر کەمی پێدراوە. لە ساڵی ١٨٠٧ هیگڵ لە نوسینی کتێبە بەناوانگەکەی ((فینۆمینۆلۆجیای ڕوح)) دەبێتەوە.

لەساڵی ١٨٠٧ دەبێتە سەرنوسەری یەکێك لە ڕۆژنامە ئەڵمانیەکان، بەلاّم دوای یەك ساڵ لەم کارەی دوور دەکەنەوە بەهۆی بیروباوەڕی سیاسیەوە. زیاد لە پێویست بیری شۆڕشگێری یاخود پێشکەوتووخوازی هەبووە. لە نێوان ساڵانی (١٨١٢ - ١٨١٦) کتێبێکی پەروەردەیی دەنوسێت لە ژێر ناونیشانی (زانستی لۆژیك)، لە ساڵی ١٨١١ خێزان پێکەوە دەنێت، دو مندالّی کوڕی دەبێت، یەکەمیان دەبێتە مامۆستای مێژوو، دوومیان دەبێتە پیاوی ئایینی. قەشە. پاشان لەساڵی ١٨١٦ هیگڵ پۆستێکی گرنگ لە زانکۆی هایدلبرگ وەردەگرێت. لەساڵی ١٨١٧ کتێبی (ئینسکلوپیدیای زانستی فەلسەفە) دەنوسێت. کاتێك فیختە دەمرێت کە لەسەر کورسی فەلسەفەی بوو، هیگڵ لەساڵی ١٨١٨ دەچێتە جێگای، ئەوەش گەورەترین پۆست بوو فەیلەسوفێك لەو سەردەمە خەونی پێوە ببینێت، کە ببێتە مامۆستا لەبەشی فەلسەفەی زانکۆی بەرلین، دوای ئەوەش بەناوبانگی هیگڵ لە جیهانیبوون نزیك بووەوە. بەلاّم هەندێك ڕەخنەی پارێزەر (المحافظ)یان ئاراستەی بۆچوونە سیاسیەکانی دەکرد، هەروەها بە بیرمەندی فەرمی ڕژێمی پاشایی بڕۆسیان ناوزەد دەکرد.

لەساڵی ١٨٢٧ سەفەر دەکات بۆ ناوچەی فایمار لەوێ گۆتە پێشوازی لێدەکات، دواتر سەفەر دەکات بۆ پاریس و لەویش ڤیکتۆر کۆژارن مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی سۆربۆن پێشوازی لێدەکات. هیگڵ بە نەخۆشی کولێرا لەساڵی ١٨٣١ لە تەمەنی شەست و یەك ساڵی دەمرێت. هەموو ئەو کتێبانەی لە بارەی جوانناسی، فەلسەفەی ئایین، فەلسەفەی مێژوو لە پاش مردنی بلاّوکرایەوە. دانەری ئەم کتێبە (هیگڵ و فەلسەفەی مێژوو) جاك دۆنت، پێیوایە کورتکردنەوەی فەلسەفەیەکی مەزنی وەك فەلسەفەی هیگڵ کارێکی زۆر زەحمەتە، مرۆ دەترسێت فیکری هیگڵ بشێوێنیت گەر زیاد لە پێویست ئاسان بکرێتەوە.

بەلای هیگڵەوە ئەوەی لە مێژوودا بەدەست دەهێنرێت لە ڕێگای ململانیە خوێناویەکان و ئارەزووە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی فیکر و ڕوحە، بەگوزارشتێکی تر ئەوەی لەو مێژووە بەدەست دەهێنرێت: "عەقلانیەتیەکی قوڵە". مێژووی عەقلانی گەرچی بەلای ئێمەوە فەوزەویە، پڕە لە جەنگ و سەتەمکاری و زۆرداری و تێکشان، بەلاّم هیگڵ بەگەشبینیەوە پێیوایە عەقڵ حکومی جیهان و مێژوو دەکات. بەبڕوای هیگڵ مێژوو عەقلانی بوو و دەبێت، سەرەڕای هەموو ئەو شتە ڕووکەشە هەڵخەڵەتێنەرانە کەپێچەوانە دەڵێنەوە.

مێژوو کەس تێیناگا تەنها عەقڵی فەیلەسوف نەبێت. هیگڵ بە یەك پیت دەڵێت: دەبێ بەچاوی عەقڵ تەماشای مێژوو بکەین، هەر ئەوەش دەتوانێت ئەو سەقفە ڕەنگاو ڕەنگانەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژنە بڕێت.

بەبڕوای هیگڵ مێژوو بەئاراستەی ئامانجێکی دیاریکراودا دەڕوات، ئەوە لە ڕووی فەلسەفیەوە ناودەنێت: بیری بالاّ، یاخود ڕوحی ڕەها، ڕوحی ڕەهاش واتە هۆشیاری بە خود ئەو هۆشیاریەی مرۆڤ ئازاد دەکات. مێژوو بە ئاراستەی زیاد کردنی عەقلانیەت، ئەخلاق، ئازادی، ئەوە دوایەمین ئامانج و کۆتایینی مێژووە، هەروەها پرکتیزە بوونی پێشکەوتنی ماددی و مەعنەوی.

ئایا دەکرێ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە خەڵکی لەم سەردەمەی ئێمەدا زیاتر ئەقلانی و ئازاد و بەمۆڕاڵن؟ بەلاّم بەرهەڵستکاری عەقلانیەت و مۆڕاڵ و ئازادی چییە؟ خەڵکی ئێستا ناتوانن ببنە هەڵگری ئەو بەهایانە وەك ڕابردوو، بگرە زیاتر تێکیاندەشێنن. با نمونەیەك بهێنینەوە: کاتێك کەنیسەی کاسۆلیکی




دانەری ئەم کتیبە لێکۆڵەر جاك دۆنت یەکێکە لە گەورەترین پسپۆرە فەرەنسیەکانی فیکری هیگڵ و فەلسەفەی ئەڵمانی. دانەری ئەم کتێبە دەروازەیەکی نایاب بەڕووی فەلسەفەی هیگڵدا دەکاتەوە، کە دوو سەدە دونیا و خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵکرد، هەنوکەش بەردەوامە. سەرچاوە/شەرقل ئەوسەت

# خوێندنەوەیەك بۆ وەرزی بێتاقەتی سۆران مامە حەمە

## لەدایکبووم، نەمزانی بۆچی؟ ژیام نەمزانی چۆن؟ ئێستاش دەمرم، نازانم بۆچی؟

مەحمود قادر مەحمود

شرۆڤەکردنی ئەدەبو تێرامان لە دەقێکی شیعری شتگەلێکی ئاسان نییە، بەتایبەت هەندێك فەزاو دەستەواژە هەن، کە خۆ دەربازکردنو باسکردنی تۆزێك ئەستەمە، وەلێ هەر جۆنێ بێت ئەوەی پێم جوان بێت دەیرژێنمە سەر پەرەگراف بەتایبەت قسەکردنو هەڵوێستەکردنی هەندێك دەقی ئەدەبی بەتایبەت ئەوەی گەنجان دیارە گەنجی بەتواناو خاوەن دیدی جیاوازو جواننووسمان هەن کە شیاوی قسە لەسەرکردنن تۆکاتێك شیعری (بەشدار سامی) دەخوێنیتەوە هەست دەکەی (بەبێ زۆری لەخۆکردن) بەناسکیو جوانییەوە مامەڵەی لەگەڵ وشەو خەیاڵ کردووە، وەلێ وەکو پێویست قسە لەسەر شیعرەکانی نەکراوە

یاخود پەراوێز خراوە تۆکە شیعری (غەمگین بۆڵی) دەخوێنیتەوە زیاتر لە ڕۆحو بوونبوونی خۆت نزیکتردەبیەوە کەلەپاڵ گەمەی وشەکانو تەکنیك پێکدادانی فەنتازیاو خەیاڵ دەبینی کەوا چۆن چۆنی ئاوێتە بوونە تۆ کە کتێبی شیعری (کەسێك لەپشت ئەم پەیڤانە سیگا دەکێشێ)ی (ڕابەر فاریق) دەخوێنێتەوە هەست دەکەی کەوا دەنگێکی شیعری جوان بەڕێوەیە ئاخر ئەمە هەر دەقی جوانە دەمانبات بەرەو دنیای (تێگەیشتن- ڕامان- جوانیناس- ... هتد) هەم بۆ ڕابردوو هەمیش بۆ ئایندە جوانتر دەبینین لێرەوە هەوڵدەدەم بۆ پراکتیزەکردنی دنیا بینی شیعری گەنجان، هەڵبەت ئەوەی نەمتوانی لە ئاستیدا هەڵوەستەوەرنەگرم و قسەم لەبارەیەوە نەبێت شیعرە پڕ لە فانتازیاو خەیاڵە جوانەکانو تەکنیکاری لەفەزای دەقەکانما شاعیری جوانەمەرگ (سۆران مامە حەمە) بوو، کە بەڕاستی (وەرزی بێتاقەتی) موژدەی سەرەتای شاعیرێکی جوانیناسی دەنواند بۆیە پێم وایە کە ناوبراو بمابایەو لەهەوڵە شیعرییەکانی بەردەوام بووبایە یەکێك لەجوانترین شاعیرە کوردییەکانی لێدەر دەچوو بەلاّم نەمابن.

شاعیر (سۆران مامە حەمە) گرێی دڵی خۆی دەکاتەوە بەرامبەر بەخراپەو ناشیرنیەکانو عەشقی جوانو دەڵێت.

**نیشانەی لەدایکبوونی قومارچیەکی منالّبازە**
**بەدەر لەقاپووتەکەی بەری**
**من بۆیە عاشقی پەپوولە بووم**
**دەمزانی دڵی نییە تا خراپەو ناشرینەکانی**
**پەنجەرە بەرووی گوڵی ناو ئینجانەکاندا بێ**

شاعیر لەم چەند دێرەدا پێمان دەڵێت: دابەزین لەپلیەکانی دنیا کاری مەحاڵەو ئەستەمەکەشفکردنی نهێنیەکانی ئەم مرۆیە جالّجالۆکانەی زەمەن، کە هەوڵی نەمانی عەشقو وڵاتو جوانی دەدەن بۆیە شاعیر هەڵوێستی بەرامبەر هەبووەو خاوەن هەڵوێستی خۆی بووە ئە و بۆیە پەپولە هەڵدەبژێرێ چونکە ماڵیو وێستگەی گوڵە کە سەرچاوەی تەواوی جوانیو ناسکییە شاعیر بەردەوام دەبێتو دەڵێت:

**کێ ڕازییە..؟**
**بە بینینی وێنەی هاودژەکەی لە ئاوێنەی خۆیدا**
**کێ پەپولەی دەناسی؟**

ئاسان نییەو نەبووە کەسێکی هاودژ عاشقی خودێکی نامۆبێتو جوایەز بکەوێتەوە، چونکە وادەکات مرۆییەکان لە ئاوێنەی خۆیانەوە سەیری هەموو شتێك بکەن، بۆیە شاعیر پێمان دەڵێت: لە نیشتمانی ئەم مرۆیانە، کە لە بەتاڵی خۆیانەوە زیاتر هیچی تر شك نابەن، مومکینەکەوا دڵداریش مەحاڵ بێت، بۆیە ئەگەر گوڵ نەبوایە، پەپولە بەو هەموو ناسکییەی خۆیەوە چی بکردبووایە، ئەگەر عاشقیش نەبوایە مەعشوق چی بکردبووایە، بۆیە هرینەکان خەریکی ناشیرینکردنی بەهاکانی مرۆڤایەتینو عەشق ئیفلیج دەکەن، کەچی هەر عەشقە چۆك بە هەموو شتێك دادەدات.

**بێدەنگی شەرمەزار بە چپەی ڕۆندەکانی**
**لێوی منو کلیلی جەللاد و تاشەبەردی ڕوومەتی**




باسکال

**کەوانی تۆ لە ماڵێکدا ئۆقرە ناگرن**

شاعیر لەم کۆپلەیەدا هەوڵیداوە پێمان بڵێت: لە ناخی پەنهانی خودی خۆیدا ڕەنگی دووکەڵێ ئەنفالو گوندو شارەکان کشتیان ڕەنگی داوەتەوە لە نێو دڵیشی پەنگی خواردۆتەوە، کە کچێك بوو بە چڵی داری تەمەنییەوە، دواجار شاعیر ئۆقرە ناگرێتو لای وایە ماڵەکانیش جێگای ئۆقرەو حەسانەوەنین، ڕەنگە ئەمە لای وابێتو پێمان بڵێت (جێگایەکی تر هەیە بۆ حەسانەوە) بۆیە دیسان ڕەنگەکانی شیعرییەتی تۆختر دەکاتو دەڵێت:

**پچڕانی دار لاستیکی خۆشەویستی**
**لە گەڕەکی شووشە سوورەکاندا**
**واتە کوشتنی وەرزی منداڵیمە**

لێرەدا (سۆران) پێمان دەڵێت: کوشتنی خۆشەویستی واتە، مردنی ئازادیو مردنی زمانو سڕینەوەی کەسایەتیو کلتورو ئیفلیج بوونی بەرائەتو کۆتو بەندکردنی ئەقڵ، بۆیە هەوڵی ئەوەشی داوە ئەمانەی خوێن دەڕێژنو ئەم تەنافەیان پچڕاوەو کەوتوونەتە ئەم چاڵەوە، دەبێت خۆراگربنو بزانن ئێمە لە تاریکدا بووینەو دەبێت بۆ لای تاریکیش بچینەوە ئاخر ئەوە مردنە مرۆڤەکان لێك دەکات، ئەوە مردنە دڵەکان بۆ هەتا هەتایی لێك جیادەکاتەوە ئەوە مردنە ونمان دەکات لە ژیاندا ئەوەش کوشتنێکی ڕەشو شەرمەزاریانەبوو شیعرو جوانیو بەرائەتو سۆرانی مامەحەمەی لێکردینو ونی کرد.

پەراوێزو سەرچاوە:

**وەرزی بێتاقەتی/ شیعر/ سۆران مامە حەمە/ لە بلاّوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیریو کۆمەلاّیەتی کەرکوك، ساڵی چاپ ٢٠٠٨ چاپی یەکەم.**

## لەگوڵستانی گەنجینەی زمانی دایکدا

م. زرار قادر

شوون: شوێن پێ، ئاسەواری ڕۆیشتن بەپێ.

شوونهەڵگر: ئەو کەسە هەستیارو بە سەلیقەیە، کە لە ڕێگای شوێن پێ هەڵگرتنەوە دەتوانێ کەسی ڕەوتەنی بدۆزێتەوە.

شۆڕەك: ڕەوان، زگچوونێکی شلو بەخوڕ.

شۆڕابە: شۆڕبوونەوەو داچۆڕانێکی نەختێ بەنەزاکەت

شۆڕاوگە: هەڵبژاردنی هەر بابەتە شلەیەك، لەهەر دەفرو سەرچاوەیەك بۆ هەر لایەکی دیکە.

شینگێڕان: شیوەن کردن.

شیرمژ: شیرەخۆرە، منداڵی شیرمژ.

شیلك: پارچە گۆشتێکی ناو ورگی ئاژەڵە، پاش ئەوەی لەناو خوێدا وشك دەکرێتەوە، بۆ هەوێنی پەنیر بەکار دەهێنرێت.

شینکە: هەر پارچە سەوزاییو گیاو گوڵێك.

شێنەیی: ئەو پەڕی هێوریو دڵنیایی.

شینی گائەنگێو: بابەتە مارێکی ژەهرداری توندوتیژ چاپووکی بۆرزەردە گەلێ سووكو شەڕانییە.